# لێدوانی سەرچاوەیەکی وەزارەتی پیشەسازی و وزە سەبارەت بەکارەبای شاری هەولێری خۆشەویست

**لەبارەی ئەو لێدوانەی کە لەژمارە (3717)ی رۆژی (2002/6/20)ی رۆژنامەی برایەتی و سەبارەت بەکارەبای هەولێر بلاوکراوەتەوە، سەرچاوەیەک لەووەزارەتی پیشەسازی و وزەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێدوانێکی راگەیاند؛ کەئەمە دەقەکەیەتی:**

لەژمارەی رۆژی (2002/6/20)ی رۆژنامەی (برایەتی)دا لێدوانێکی برایانی ئیدارەی هەولێر بلاوکراوەتەوە سەبارەت بەکەمکردنەوەی بری کارەبای هەولێر، کەبەداخەوە سەرچاوەکەیان دەیەوێ وا لەخەلکی کوردستان بگەیەنێت کەحکومەتی هەرێمی کوردستان ژیانی خەلکی هەژارو کەم دەرامەتی لەبەرچاو نییە، لەکاتێکدا کەحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بەرنامە تازەیەی دابەشکردنی کارەبای بەجۆرێک دارشتووە کە لەئەساسدا لەخزمەتی سەرجەم خەلکی کوردستانو بەتایبەتیش هەژاراندایەو تا ئەوپەری هەولدراوە باری ژیانی خەلکی کەم دەرامەت لەبەرچاوبگیرێ، کەهیوادارین هەمووولایەک درێغی لەخزمەتکردنی خەلکی کوردستاندا نەکەین.

ئەوەی سەرچاوەکەی برایانی ئیدارەی هەولێر رایگەیاندووە سەبارەت بەکەمکردنەوەی بری کارەبای هەولێر بۆ (30)میگاواتو وای لەقەلەمداوە کەکارەبا لەشارەکە براوە، ئێمە بەتەواوی خەلکی کوردستانی رادەگەیەنین، کەئەوە دوورە لەراستییەوەو بەهیچ شێوەیەک کارەبا لەشاری هەولێر نەبراوە بەلکو کەمکراوەتەوە بۆ (30)میگاوات ئەویش تەنیا بەهۆی چەند هۆکارێکی تەکنیکییەوە بووە، چونکە هیچ بریارێکی برینی کارەبا لەهەولێر، نەدراوە تاکو وەزارەتەکەمان ئەم کارە بکات. خەلکی شاری هەولێرو برایانی ئیدارەی هەولێریش لەوە ئاگادارن کەدوای چاککردنی خەلەلە هونەرییەکان لە (2002/6/21)دا بری وزەی کارەبا بۆ شاری هەولێری خۆشەویست زیادکرایەوە تا گەیشتە (70)میگاوات.

بێگومان بۆ برایانی ئیدارەی هەولێر ئاشکرایە کەئەم بەرنامەیە وادەکات زۆر زیاد لەپێویست ئاو سەرف بێت تا دەگاتە مانگی پێش کۆتایی سالْ ئاستی ئاو لەبەنداوەکان کەم دەبێتەوە، بەمجۆرە بری بەرهەمهێنراوی وزەی کارەباش کەمتردەبێتەوە. لەبارەی بەردانەوەی ئاویش بۆ ناوچەکانی ناوەراستو باشووری عیراق، دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان کەسالانی پێشوو ئاوی بۆ ئەو ناوچانە بەرداوەتەوە بەرامبەر بەهیچ ئیلتیزامێك نەبووە، تەنیا بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بووە، ئەگەر ئەمەش لەقازانجی خەلکی ناوەراستو باشووری عیراق بووبێت، ئەوا ئێمە بەکارێکی باشی دەزانین. جگەلەوەش ئەگەر ئاو بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا نەبێت، ئەوا مەکائینو هیچ یەکەیەکی کارەبا کارناکات، واتە ئیستهلاكو مەساریفی بەرهەمهێنانی کارەبا کەمتردەبێت.

سەبارەت بەنرخی دیاریکراوی کارەباش بۆ شاری هەولێر، ئەوا روونیدەکەینەوە کەهەمان نرخی دیاریکراوە بۆ شاری سلێمانیو هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا نەکراوە، بەلام برادەرانی کارەبای هەولێر تائێستا ئامادەنەبوون ئەو نرخەی بۆ سلێمانی دانراوە، بۆ هەولێر پەسەندی بکەن.

لەکاتێکدا ئێمە لەدانانی نرخەکاندا وەزعی خەلکی هەژارمان لەبەرچاوبووە چ لەسلێمانی بێت یان لەهەولێرو هیچ جیاوازییەکمان لەنێوانیاندا نەکردووەو هەموویان بەخەلکی خۆشەویستی خۆمان دەزانینو بەئەرکی خۆشمان زانیوەو دەزانین کەهەرچی لەتوانامانداا بێت درێغی لەخزمەتکردنیان نەکەین، بەلام بەداخەوە ئەوەی لەلێدوانەکەی برایانی ئیدارەی هەولێردا هاتووە کەگوایە ئێمە داوامان کردبێتو پێمان لەسەر ئەوە داگرتبێت (کەدەبێ هەر مالێکی شاری هەولێر بۆ یەك کیلۆ وات/سەعات (365) فلس بداتو وەکو موعەدەل بۆ یەك کیلۆوات/سەعات مانگانە دەکاتە زیاتر لە(260)دینار بۆ هەر چوار ئەمپێری کارەبا)، رایدەگەیەنین ئەوە دوورە لەراستییەوە هەروەك لەخشتەی هاوپێچدا روونمان کردۆتەوە، کەهاوولاتی ناچار ناکرێت هەر چوار ئەمپێرەکە وەردەگرێت یان زیاتر، بەلکو سەربەستە کارەبا کەم بەکاربهێنێت بۆئەوەی کەمتر پارەبدات، زۆرتر بەکاربهێنێت، پارەی زیاتر بدات بەپێی ئەو ئامێرە کارەباییانەی هەیەتی. ئاشکراشە کەزۆربەی هاوولاتیانی هەژارو کەم دەرامەت ئامێری کارەباییان کەمەو بەم خشتەیە مەغدورنابن، بەم شێوەیە ئاویش کەمتر بەفیڕۆ دەدرێت.

بۆیە دیسانەوە خەلکی شاری هەولێری خۆشەویست دلنیادەکەینەوە کەلایەنی کەم هیچ جیاوازییان لەگەل خەلکی شارە خۆشەویستەکانیتر (سلێمانیو کەرکوك)، پێناکەینو ئەو برە پارەیەی کەداواشمان کردووە لەبرایانی ئیدارەی هەولێر بەهەمان نرخە کەلە هاوولاتییانی سلێمانیو کەرکوك وەردەگیرێ، مەعلومیشە کەبەرێوەبەرایەتی کارەبای هەولێر پارەی کارەبا لەخەلکی هەولێر وەردەگرێت، بۆیە داوا لەبەرپرسانی ئیدارەی هەولێرو تایبەتمەندانی بواری کارەبای هەولێر دەکەین کەبەگیانی بەرپرسیارێتییەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بێنە پێشەوە.

2002/6/22

www.kurdistannet.org

# جارێكی دیكەش كارەبای هەولێر بڕا

## سەرچاوەیەك لە وەزارەتی پیشەسازی و وزە ئەم لێدوانەی دا:

سەعات (١٢)ی نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە (٢٠٠٢/٦/١٩) جارێكی دیكەش بڕە كارەبای هاتوو لە وێستگەی دووكانەوە بۆ پارێزگای هەولێر لە (١٠٠) مێگاواتەوە بۆ (١٥) مێگاوات كەم كرایەوە، واتە گەڕایەوە هەمان ئاستی پێش زیادكردن لە (٢٠٠٢/٤/٩) هەرئەمڕۆ (چوار شەممە)، سەعات (٤)ی دوای نیوەڕۆ، بە پێی بروسكەی ژمارە (ت)ی بەرهەم هێنانی وزەی كارەبا لە سلێمانی، ئەم بڕە كارەبایە كرا بە (٣٠) میگاوات، كە ئەمەش گرفتی خەڵكی پارێزگا چارەسەر ناكات، چونكە پێداویستی خەڵكی هەولێر لە ڕووی كارەباوە لە نێوان (٨٠ تا ١٠٠) میگاواتە، جگە لەو كارەبایەی، كە لە هەولێر بەرهەم دەهێنرێت.

جا بۆ ئەوەی جەماوەری كوردستان ئاگاداری ڕاستی یەكان بێت، بە پێویستمان زانی ئەم ڕوون كردنەوەیەی خوارەوە بلاوبكەینەوە.

دوای ئەوەی وەفدی مەكتەبی سیاسیی پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٢/٦/٦ لە سەلاحەددین كۆبوونەوە، بڕیار درا شاندی پسپۆڕانی كارەبای هەولێر و سلێمانی بۆ گفتوگۆ لەسەر دانانی نرخێكی یەكگرتوو بۆ فرۆشتنی كارەبا بە هاووڵاتیانی هەر دوو پارێزگا كۆببنەوە.

پاش زنجیرەیەك كۆبوونەوە، لایەنی سلێمانی سوور بوو لەسەر خشتەی نرخی پێشنیاز كراوی خۆی، كە بریتی بوو لە (٣٦٥) فلس بۆ یەك كیلۆ وات – سەعات وەكو موعەدەل، كە مانگانە دەكاتە زیاتر لە (٢٦٠) دوو سەدو شەست دینار بۆ هەر چوار ئەمپێری كارەبا ،كە كەمترین ئاستی پێداویستییەكانی یەك ماڵە لەم ڕووەوە.

ئێمە دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆ پێمان ڕاگەیاندن كە ئەو نرخە زۆر بەرز ونابەجێیەو بە هیچ شێوەیەك بە خەڵكی هەولێر و سلێمانی نادرێت. شاندی كارەبای هەولێر لە گفتوگۆكاندا نەرمی زۆری نواندو، دوا پێشنیازمان ئەوە بوو، كە تێكڕای نرخی یەك كیلۆ وات – سەعات (٧٠) فلس بێت كە مانگانە دەكاتە ٥١ پەنجاو یەك دینار بۆ چوار ئەمپێری كارەبا.

بەڵام لایەنی سلێمانی بەو نرخە ڕازی نەبوون و سوور بوون لەسەر ئەوەی، كە بە نرخی بڕیار لەسەر دراوی خۆیان كارەبا بە خەڵكی هەولێر بفرۆشن و، ڕازی نەبوون بە هیچ شێوەیەك ئەم نرخە كەم بكەنەوە.

بێگومان بڕینی بەشە كارەبای پارێزگای هەولێر لە وەرزی گەرمی هاویندا، هیچ پاساوێكی بۆ نییەو دەبێتە مایەی نارەحەتی و ئەزیەت و ئازاری زۆری هاووڵاتیان، بە تایبەتیش كە بە شایەتی خودی پسپۆڕانی كارەبای سلێمانی، ئەمساڵ ئاستی ئاوی بەنداوەكان بۆ بەرهەم هێنانی وزەی كارەبا بۆ پتر لە ساڵێك بەرز و لە بارەو، ئەوانیش بە هۆی ئیلتزاماتیان بەرامبەر بە بابەتی ئاودێری لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەبێ ئاوی بەنداوەكان بەربدەن، جا چ كارەبا بەرهەم بهێنن یان نا.

بۆیە هاووڵاتیانی شاری هەولێری خۆشەویست لەم ڕاستیانە ئاگادار دەكەینەوەو دڵنیایان دەكەین، كە وەزارەتمان هەر لە ئەمڕۆوە هەموو وزەو توانای بەردەست بۆ بەرهەم هێنانی كارەبا و كەم كردنەوەی مەینەتی و گیرو گرفتی هاووڵاتیان لەم ڕووەوە، بەكاردەهێنێت.

**٢٠٠٢/٦/١٩**